**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤١٨٢/٤/٩ لە ٢٠٢٠/٦/٢٥**

## ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٠

## تایبەت بەخەرج کردنی مووچە

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجو مەنی وەزیـران ژمـارە (٣٨٧٧) لە ٢٤/ ٢٠٢٠/٦ ، وپاڵپشـت بە بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە(٦١) لە رۆژی ٢٠٢٠/٦/٢١، و بە ڕەچـاوکردنی کورتهێنـانی ئەو داهـاتەی کە ئێستا لەبەردەستی وەزارەتـی دارایـی ئـابووری دایە بە بە بەراورد بەخەرجییەکـانی مووچە و شایستەی دارایی مـووچە خـۆران و خانەنشـینان ، بە مەبەستی خۆگونجانـدن لەگەڵ ئەم کورتهێنانە کە هۆکارەکەی دواکەوتنی ناردنی شایستەی دارایی هەرێـم لایەن حکـومەتی فیـدراڵیەوە سەرەڕای لێکەوتە ئابوورییەکانی بڵاوبونەوەی ڤایروسی کۆرۆنا و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت.

لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی دووەم /أ لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و بە مەبەستی ئاسانکاری جێبە جێ کردنی بڕیاری ئاماژەپێدراوی ئەنجومەنی وەزیران ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە.

١- تەمویلکردنی ڕێژەی ٧٩% (لەسەدا حەفتا و نۆ) خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران و خانەنشینانی گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزروەکانی هەرێم.

٢-ڕاگرتنی تەمویلکردنی ڕێژەی لە ٢١% ( لەسەدا بیست و یەك) کە دەمێنێتەوە لەلایەن خودی وەزارەتەکان و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بەشیوەیەکی دادپەروەرانە لەسەرجەم مووچە خۆران و خانەنشیان جێبەجێ دەکرێت.

٣-خودی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ، سەرپشکن لە دیاریکردنی ڕێژەکانی شایستەی دارایی مووچە خۆر و خانەنشین بەپێی تایبە تمەندیی و بەپێی ئەم ڕێنماییە بە مەبەستی بە دیهێنانی دادپەروەری.

٤-جێبەجێ کردنی خاڵی ( ١ ، ٢)ی سەرەوە تایبەت بە دابەشکردنی مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتەکان و دەستەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەپێی تایبەتمەندیی.

٥-پێویستە لە دوای خەرج کردنی شایستە داراییەکانی مووچە خۆران و خانەنشینان ، میزانی مراجعە بگەرێندرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٦- خەرج کردنــی تەواوی ١٠٠% (لەســەدا ســەد)ی شایســتەی دارایــی کەســوکاری شــەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانانی سیاسی و کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەو مووچە خۆر و خانەنشینانەش کە شایستەی داراییان (٣٠٠) سێ سەد هەزار دینار و بەرەو خـوارەوە، و نابێـت لەو بڕە کەمتر بکرێتەوە.

٧- بەدەر لە بڕگەکانی سەرەوە خەرجکردنی تەنیا ڕێژەی ٥٠% (لەسەدا پەنجا) ی شایستەی دارایی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی و خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە ( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلە ئەوانن و بریکارەکانی وەزارەت وئەوانی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلەی تایبەتەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای پێداچوونەوە و سەرجەم دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و گشت ئەو کەسانەی بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە ، مووچە دەرماڵەی پلە باڵای (أ) و (ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و ئەنجوومەن و دەزگای ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ).

٨- بڕگەی (٧)ی سەرەوە ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کە بەو پلە وەزیفانەی لە بڕگەی (٧) سەرەوە هاتوون و خانەنشین کراون ، یان لە دوای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی سەرەوە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بەو پلە و وەزیفانە.

٩- بڕگەکانی دیاری کراو لەسەرەو جێبەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەکاتی دابەشکردنی مووچە.

١٠- ئەم ڕێنمــاییە دارایـــیە جێبەجـــێ دەکرێـــت لەرۆژی دەرچـــوونیەوە ، وە لە رۆژنـــامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات شیخ جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**